# ئایا داخستنی زیندانەکانی پەنابەران لە توانادایە. . ؟!

(سەرنجێك لەسەر كەمپەینی بەرگری لە پەنابەران لە ئوستڕالیا)

(موزەفەر عبداللە)

مەسەلەیەکی بەڵگە نەویست کە بەبەرچاوی هەمومانەوەیە، ئەوەیە کە چەندە پروپاگەندەی مافی مرۆڤ و دیموکراسی ئەم دەیەیە گۆێ ی هەموومانی پر کردووە چەند ئەوەندەش زیاتر پوچەڵی ئەم پروپاگەندەیە لە دونیای واقعدا بە تەنها لە دیاردەی پەنابەراندا دەرکەوتووە. باشترین نمونەش لەم هەرای دیموکراسی و مافی مرۆڤە حکومەتی ئوستڕالیایە کە هەر لە سەرەتاوە سیاسەت و کردەوەکانی جوت بووە لەگەڵ ئەمریکای رابەری دیموکراسی و مافی مرۆڤدا.

زیندانەکان (نەك کەمپەکان)ی ئوستڕالیا کە زۆربەیان کەوتونەتە بیابانە چۆڵەکانەوە ڕووی ڕژێمە سەرکوتە گەرەکانی سپی کردۆتەوە و ماسکی لەسەر مافی مرۆڤەکەی رۆژئاواش لابردو و ڕووی ڕەشیان بەدەر کەوت، بە تایبەتی لە م 6-5 ساڵەی ڕابردودا لەگەڵ هاتنە سەر کاری ئەم حکومەتە ڕاستەی لیبرالدا دژایەتی لەبەرامبەر پەنابەراندا گەیشتە ڕادەیەك کە لە سایەی ئەماندا تراژیدیای گەورە بخولقێ. خودی زیندانەکان کە هەزاران ژن و منالْ و نەخۆش و پیر و پەك کەوتەی تیایە بەرچاو ترین تراژیدیایە. ئەوە لێگەڕێ لە خنکان و مردن و سوتان و خۆکوشتن و دەیان دیاردەی تر کە ئەم حکومەتە شانازی پێوە دەکاو پرۆپاگەندەی بۆ دەکات تا پەنابەران چاو ترسین بکات لە هاتنیان بۆ ئوستڕالیا.

بەهەرحاڵ تا ئەو جیگەیەی پەیوەستە بە سیاسەت و کردەوەی حکومەتی ئوستڕالیاوە بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بووە. نەك تەنها بۆ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و پەنابەران و حزبە سیاسي یەکان بەڵکو بۆ شەقامیش ئاشکرا بووە کە ئەم حکومەتە چ سیاسەتیکي قەرەقوۆشی پیادە دەکات. یەلاَم ئەوەی پێویستە سەرنجی بدرێتێ ئەوەیە کە ئایا بۆچي سەرەڕای دەرکەوتنی ناوەرۆکی ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەیە و سەرەڕای سەرکۆنە کردنی ئەم حکومەتە لە لایەن زۆربەی ڕای ئازادیخوازی جهانەوە تەنانەت مەحکوم کردنی لە لایەن خودی یو ئین و زۆربەی وولاَتانی رۆژئاواشەوە بەلاَم ئەم حکومەتە نە دەستی لەم سیاسەتە هەلگرتوە و نە جولاَنەوە نارەزایەتي یەکەی بەرگری لە پەنابەرانیش ئەوەندە کۆمەلایەتي بوَتەوە کە بتوانێ بەر بەم سیاسەتە بگرێ". لە ڕاستیدا ئەگەر ئەم نارەزایەتی یە ئەوەندە فراوان بوایەتەوە نەك هەر دەبوو بەر بەم سیاسەتە ڕەگەز پەرستانەیە بگرێ بەڵکو دەبوو لە هەڵبژرادنی چەند مانگ لەمەوبەرەوە ئەم حکومەتە هەڵ نەبژێردرایە کە پرۆچاگەندەی لە دژی پەنابەران دەورە هەبوو لە سەرکەوتنی دا دیارە ئەمەش هەمووی بە ریاکاری و درۆ هەلبەستن لە دژی پەنابەران. کە سەرکەوتنەکەی جێگەی چاوەڕوانی هیچ چاودێرێك نەبوو. بۆیە ئەگەر هیچ شتێك سەرنجمان نەباتە سەر لاوازی یەکاني جولاَنەوەکە پیوستە ئەم خاڵە جێگەی سەرنجی هەمو کەسێکي بەرگری کەر بێت لە مافەکانی پەنابەران. بە تایبەتی هەڵسوراوانی ئەم جوڵانەوەیە. من وەك هەڵسوراوێکی ئەم جولاَنەوەیە کە لە چەند ساڵی رابردوودا سەری هەڵداوە، هەوڵ دەدەم باری سەرنجی خۆم بۆ واقعی ئیستاو ئایندەی ئەم جولاَنەویە لە چوارچێوەی ئەو خواستەی وا کەمپینەکانی بەرگری لە مافەکانی پەنابەران بەرزیان کردۆتەوە دەربخەم.

١–تا ئیٚستا لە ئاستی جهان سەڕەرای هەر ڕەخنەو ئیدانە کردنێکی سیاسەت و کردەوەی ئەم حکومەتە دژی پەنابەری یە لە لایەن ڕێکخراوە جهانی یەکانەوە بە تایبەت یو ئین یاخود دەوڵەتانەوە بەڵام چ خودی ئەو ووڵاتانە و چ ڕێکخراوی ناوبراو کە کۆمیسۆنێکی تایبەت بە پەنابەرانی هەیە بە شوێن پراکتیزە کردنی ئەو ئیدانەو ڕەخنانەوە نین کە لەم حکومەتەی دەگرن. بەڵکو بە پیچەوانەوە ئەوان خۆشیان لە بازنەی ئەم سەرکوت و پێ شێل کاری یەی مافەکانی پەنابەراندان. دەرکردن و دیپۆرتی بە زۆر و وەڵام نەدانەوەو شەڕی سایکۆلۆجی لەگەڵ پەنابەران و دانی ئیقامەی کاتی و تەنانەت بێ ئیقامەو و مانەوەی نانە سگی و تا دەگاتە زیندانی کردنیان بە ناوی کەمپەوە هەموو ئەمانە لە لایەن خودی یو ئین و بەبەرچاوی یو ئینەوە رۆژانە ئەنجام دەدرێت.

بۆیه کۆمیسارییای باڵای نەتەوەیەگرتوەکان سەرەرای هەر ئیدانه کردنێکی ڕووکەشیانەی حکومەتی ئوستڕالیا، بەڵام له ڕاستی دا ئەو بەرپرسی یەکەمه له بەرامبەر چارەنوسی پەنابەران و هەر مامەڵەیەکی نا ئینسانی یانه. چونکه بریاره ئەم ڕێکخراوەیه بەرپرسي گیان و ژیاني پەنابەران بێت. ئەو پیوسته پەنابەران له هەر کویێ بن ڕوویان تي بکات، بەڵام ئێستا ئەوه زیاتر له دەیەیەکه ئەم ڕێکخراوەیه بەهۆی لەق بوونی ئەو جیگەیه ی که له دەورانی جەنگی سارد هەیبوو نەك ڕاناکات به دوای پەنابەراندا بەڵکو له دەست پەنابەران ڕادەکات. تەنانەت جگه لەوەی به کۆمەل رەفزیان دەکاتەوه بەڵکو دەستیش تێکەڵ دەکات لەگەڵ پۆلیستي وولاتەکاندا تا دیپۆرتیان بکاتەوه و تەنانەت له بەرامبەر هەر خواست و نارەزایەتی یەکیاندا هەڕەشەشیان لێدەکات. نمونەی زیندو لەم بارەیەوه مامەڵەی نوسینگەی یوئنیی ترکیایه که به حیسابي خۆیان به خزمەت گوزرار ترین نوسینگه دادەنرێت له رۆژهەڵاتدا، له جەرگەی حکومەتێکي فاشتستي وەك ترکیا و له پاڵ دەستی رژێمه هارەکانی وەك جمهوری ئیسلامی و بەعس که شمشێر له لوتی خۆشیان دەسوون.

ئەگەر ئەم بەرپرسه له چارەنوسي پەنابەران، دەبێت به لیشاو قەبوڵیان بکات. مەگەر دکتاتۆرەکان هەر به قوەتي خۆیان نەماون ؟ مەگەر شەرو کوشتاری حزبه قومی دیني و تایەفي یەکان هەر نەماون ؟ مەگەر پێشێل کاری تا ئبستا هه رموجود ني یه؟؟!!.
چی ئالۆگۆرێك له دەسەڵاتی سیاسی رژێمەکانی سعودیه و ئیران و عیراق و ترکیا و سوریا و ئوردن و شیخ نیشەکانی خەلەیج و میسر و بنگلادش و پاکستان و تەواوی ئەفریقیا گۆراوه ؟؟ ئەوەي گۆراوه تەنها ئەوەیه کوڕ هاتوته جێ ی باوك و جێگر کودەتای بەسەر سەرۆکدا کردووه. تەنها رەنگ و رووی دکتاتۆرەکان گۆراوه و ناوەرۆکیان هەر وەك خۆیەتی. بۆیه ئەوەی بەرپرسی یەکەمه ئەوه خودی یوئینه بەر له حکومەتەکان. پێوسته ئەم ڕێکخراوەیه له کاتی ئیدانەی هەر حکومەتێکي وەك ئوستڕالیا ئیدانەیەکي خۆي بکات و چاوێك به ئێستاو ڕابردووی خۆی دا بخشێنێتەوه. مەگەر ئەوەی له ماوەي نیو سەدەی رابردوو که ڕاي دەکرد له چنگی رژێمه دکتاتۆرەکان هەمویان ملیان له ژێر تیغەکەدا بوو ؟ئێستا وا لەسەر زاری بەرپرسێکی نوسینگەی یو ئین له ئوردن سێ خاڵی دیاری کردووه دەرهەق به مافی پەنابەری، مەرجێکیان ئەوەیه کارتی له سێ دارەدانەکەی پێ بێت.

٢– مەسەلەیەکي تر بریتی یه له لاوازی ئەم جوڵانەویه له ئاستی سەراسەری دا. له ڕاستیدا ئەگەر چی حزب و ڕێکخراوێکی زۆری مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی کرێکاری بەرگری له مافەکانی پەنابەران دەکەن بەڵام گرفتەکه لەوەدایه که تا ئێستا له ئاستی ئوستڕالیا ئەم نارەزایەتی و بەرگري یانه له لایەن ئەم هیزانەوه نەبوه به جولانەوەیەکی سەراسەری و لێك هەلپێچراو. (دیاره ئەمه له ئاستي وولاتانی تریش هەروایه ).

ئەم سەراسەری نەبونەوەیه و ئەم پەرش و بلاوی یه ئیتر چ خودی پەرش و بلاوی پەنابەران بێت یاخود پەرشو بلاوی هەر نارەزایەتی یەکی تر بێت. بۆ نمونه تا ئێستا پەنابەرانی زۆربەی وولاتان خۆیان له ڕێکخراوێکی رادیکاڵی وەك فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی و ئێرانی (سەرەڕای هەر لاوازی یەکیان ) ڕێك نەخستووه، تا بۆ بەدی هێنای خواستەکانیان بێنه مەیدان خۆ ئەگەر نارەزایەتی یەکیش هەبیت زۆر خود بەخود و بێ ئاسۆیه. له چوارچێوەی چەند خواستی سادەدا قەتیس ماوه. ئەمه جگه لەوەی شێوه نارەزایەتی یەکانیشیان شێوەیەکی یاخي بوونی گرتۆته خۆی و زیاتر به شێوەکاری یاخی بونه مەدەنی و سەربازی یەکانی خەڵکی وولاتانی جهانی سێهەم دەچێت زیاتر لەوەی شێوه خەباتێکیسیاسی و مەدەنیانه و مۆدێرنانه بێت که سەرنجی خەڵکی ئازادیخوازی وولاتانی رۆژئاوا بۆ خۆی رابکێشێ.

بەڵام به نیسبەت پەرش و بلاوی ئەو نارەزایەتیانەوه که بۆ بەرگری له مافەکانی پەنابەران بەرێ خراوه، ئەمانەش سەرەرای ئاسۆو ئامانج و شێوه کاری جیاواز هاوکات شیوەی هاوکاری کردن له نیوان ئەم لایەنانه لاوازەو تا ئێستا التقاتی یه. هێشتا نەبۆته جولانەوەیەکی سەراسەری له ئاستی ئەم وولاتەدا و بەهرەمەند نەبووه له سەرەکی ترین چیني کۆمەڵگه یاني چینی کرێکار که گرفتی پەنابەران گرفتی کریکارانه. هەر بۆیه تەنگ و چەڵەمەی پەنابەران که پانتاي یەکي زۆري کۆمەلگەی گرتۆتەوه، نارەزایەتي یەکەي بەو رادەیه ني یه و تا ئیستا نەچۆته سەنتەري کۆمەلگەوه و له پەراوێزی کۆمەڵگەدایه.

بۆیه پڕ کردنەوه ئەم لاوازی یانە لە گرەوی ئەوەدایە کە ئەم واقیعە بناسین، پاشان بۆ پڕکردنەوەی لاوازی یەکان ئەم هەنگاوانە هەڵگیرێن : –

ا–کەمپینێ هەمو رێکخراوەکان لە ژێر چەتری خواستەکانی – داخستنی زیندانەکان و(مراكز الاحتجاز ) ئیقامەی دائمی و مامەڵەی ئینسانی و وەڵامی ایجابي دەست بەجی _کۆببنەوه و ئۆرگانێك پێك پێت بۆ رابەری کردنی ئەم جوڵانەوەیە و لە هەوڵی کێش کردنی یەکێتی یە کرێکاری یەکان دابیت بۆ هاوپشتی لەم جوڵانەویە.

ب– لە هەوڵی ڕاکێشان و ڕێکخستنی پەنابەراندا بین چ ئەوانەی لەناو کەمپەکاندان. یاخود ئەوانەی لە دەرەوەی کەمپەکاندا کە ژمارەیان هەزاران پەنابەرە. گرفتی سەرەکی ئەو پەنابەرانەی کە لە دەرەوەی کەمپەکانن ئەوەیە کەمتر دێنە پشتی ئەم جولانەوەیەوە کە لە یەك دو ساڵی رابردوودا بەرێخراوە لە لایەن حزبە چەپ و پێشکەوتن خوازەکانی ئوستڕالیاوە. فاکتەرێکی سەرەکی ئەم پێشرەوی نەکردنەی خودی پەنابەران لەوە دایە کە بە گشتی بیروباوەری رەوتی سیاسی قومی و دینی کۆنەپەرست و نەریتی کۆنەپەرستانە زۆر باڵا دەستە تیایاندا. ئەمە جگە لەوەی کە زۆرێك لە کۆرو کۆمەڵەکانی جالیە بە بەهانەی ئەوەی ئەم جوڵانەوەیە زیاتر هێزە رادیکالەکان دەستیان داوەتێ و رابەری دەکرێ پێوەی پەیوەست نابن. هەڵبەت ئەمەش دەرخەری ئەو راستی یەیە کە ئەو کۆڕو کۆمەڵانە هەم نوێنەرایەتی سیاسەتەکانی رژێمە سەرکوت گەرەکان دەکەن و هەم پاشکۆیەتی حزبە ڕاستە دەسەڵاتدارو ئۆپۆویسیۆنەکانی ئوستڕالیا دەکەن.

ج– خاڵێکی تر ئەوەیە کە لایەنیکی ئاسۆ رۆشنی ئەم جولانەوەیە لە گرەوی ئەوەدایە کە چۆن ئەم نارەزایەتی یە روو بە حکومەتی ئوستڕالیا یە ئاواش دەبێت ڕووی لەو رژێمانە و لەو رەوتە سیاسی یە قومی و دینیانە بێت کە بونەتە فاکتەری هەم پەنابەری و هەم ریگرن لەبەردەم پیشرەوی پەنابەران بە شێوە خەباتێکی هاوچەرخانە و ئنتیگرە بونیان لەگەڵ هێزە رادیکاڵ و ئازادیخوازەکانی خەڵکی لە رۆژئاوا.

ڕاستە ئەم جوڵانەیەوەی بۆ بەرگری لە مافەکانی پەنابەران هاتوتە مەیدان زیاتر لە لایەن چەپی ڕۆژئاواوە حاڵی حاز رابەری دەکرێت بەڵام گرفتی سەرەکی ئەم چەپە لەوەدایە کە نە بە واقعی سیماو تایبەت مەندی یەکانی پێك هاتەی سیاسی و کۆمەلایەتی پەنابەران دەناسێ و دیاری دەکات، نە ریسوا کردنی رژێمە سەرکوت گەرەکان و رسوا کردنی ئەو بیرو باوەرەو بزوتنەوە سیاسیانەی کە بەهۆی کۆمەڵێ هەلو مەرجەوە بوونە بە شێك لە پێك هاتەی پەنابەران بە ئەولویەتی کاری خۆی دەزانێ بەلکو رەوشێکی پاسیڤی هەیە لە بەرامبەر هەموو ئەمانە. هەر بە دیدگای سێ جهانی یەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەو زۆر کێشەی تردا دەکات. ئەم گرفتەش واي کردووە کە مەسەلەی پەنابەران بەهرەمەند نەبیت لە رای گشی کۆمەلگەی رۆژئاوا چونکە ئەگەر بەهرەمەند بوایە هەرگیز چۆن هاوەرد ی سەرەك وەزیرانی ئوستڕالیا دژایەتی پەنابەری نەدەکرد بە کارتێکی سودمەند بۆ کەمپەنی هەلبژرادنی و پاشان سەرکەوتنی هەمووی لەسەر حیسابی مافی پەنابەران.

بۆیە گەر بمانەوێ نارەزایەتی یە جۆراو جۆرەکان کە لێرەو لەوێ ساز دەدرێت بۆ پەنابەران، ببێت بە یەك جوڵانەوەی سەراسەری و ئامانجدارو رۆشن پێوستە ئەم لاوازیانە پڕ بکەینەوە تا لە جیاتی ٣ هەزار کەس سەدان هەزار کەس لە بەردەم پەرلەمان کۆ ببنەوە. بەم شێوەیە ئەم جولانەوەیە دەبێت بەو هیزەی کە دەتوانێ نەك هەر کەمپەکان دابخات بەڵکو نەیەڵێ کارتی دژایەتی پەنابەری ببێتە ئامرازێك بۆ گەیشتنە دەسەڵات.